# مۆدەی ئەڵقە و ئەنگوستیلە ڕەنگاڵەکان



ئێکسسوارەکان جوانییەکی گـــرنـــگ دەبـــەخـــشـــن لەگەڵ هەنگاوەکانی جوانکاری و ڕەنگدانەوەی شایستەترین ئامانجەکان، بەلایەنەکانی جوانکاری دەکرێ سوودێکی گەورە ببینین لەئێکسسوارە بچووکەکان، کە مایەی جوانییەکی گەورەن، هەندێك لەئێکسسوارەکان لەگەڵ ئەوەی شێوەیەکی بچووکیان هەیە، بـەڵام جوانییەکی لە ڕادەبـەدەر دەردەخـەن و تەنانەت بەجوانترین ئێکسسوارەکان دادەنرێن لەدانانی مۆدەیەکی جوان بۆ خانمەکان، یەکێك لەو ئێکسسوارە بچووکانە، ئەڵقە و ئەنگوستیلەکانن، کە هەردەم دەست و پەنجەکانی خانمان و کچان ڕازاوە و جوان دەکەن، چەندین جۆرە ئێکسسوارهەن کە سەر لەخانمان دەشێوێنن کە کامەی جوانە هەڵیبژێرن، بەڵام ئەوەش دەکرێ لەڕێگەی ئەو کەسەوە بێ کە کەرەستەکە هەڵدەبژێرێ، ئەڵقەکان دەبێ ناسك و سادە و ساکار بن، ئەمەش وادەکات دیمەنێکی ڕازاوە و سەرنجڕاکێشی هەبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ جوانی و شێوەی دەست و پەنجەکان یان جلەکان بگونجێ و شێوازێکی ڕەنگاڵە بەدەستەوە بدەن..



## کاتژمێری دەستت بەپێی تەمەنت هەڵبژێرە

خانمان پێویستیان بەگشت جۆرە کەلوپەلێکی جوانکاری دەبێ، هەر لەو کاتەی لەماڵ دەبن یان کاتێك لەدەرەوە دەبن، چونکە هەندێك جار هۆکار هەن دەبنە هۆی تێکدانی ماکیاژەکان، بەمەش دەبێ خانمان لەئامادەباشیدا بن بۆ یەکخستنەوە و دووبارە ئامادەکردنەوەی ماکیاژەکان، کەرەستەیەکی دیکەی گرنگ هەیە، کە ئەویش ڕۆڵی خۆی هەیە لەجوانی جەستە و کەرەستەکانی خانمان، ئەویش کاتژمێرە، وەك کەرەستەیەکی پێویست و ڕاستەوخۆ، پێویستە خانمان سوود وەربگرن لەجوانی و ڕۆڵی کاتژمێرەکانی دەست، چونکە لایەنێکی جوانی دەردەخات، بەتایبەت کاتێك لەگەڵ ئەو جۆرە کراسانە یان ئەو جلانە دەپۆشرێن، کە کورتن و بەمەش کاتژمێرەکە بەجوانی دەردەکەوێ، خانمان بەگشتی و خانمانی هەرزەکار بەتایبەتی، پێویستە هەر یەکە بەگوێرەی تەمەن و ستایلی خۆی کاتژمێرەکان ببەستێ، چونکە جیاوازی هەیە لەنێوانیان، ئەو چەند کاتژمێرەی دامانناوە، زیاتر بۆ خانمانی هەرزەکار تەرخان دەکرێ، چونکە لەدەستی ئەواندا جوانە و ڕازاوەتر دەردەکەوێت، بەڵام بۆ خانمانی گەورە دەکرێ کاتژمێرەکانیان بچووك و سادە بێ.

## هەڵبژاردنی کراسەکانی ڕۆژی مارەبڕین



مارەبڕین، یەکێکـە لەگرنگترین ڕۆژەکان بۆ خانمان و کچان، دەبێ بە جوانترین شێوە و دیمەن دەربکەون، ئەمەش پێویستی بە دابینکردنی جوانترین جلوبەرگ و کەرەستە و ئێکسسوارەکان دەبێ، یەکێك لەگرنگترین بەشەکانی ڕۆژی مارەبڕین، ئەو جلەی کە خانمی بووك دەیپۆشێ، وەك مۆدەیەکی جوان و قەشەنگ دەبێ، کراسەکانی ئەو ڕۆژە لەشێوە و ستایلەوە پێویستی بەڕازاوەیی و کارامەیی هەیە، ئەمەش لەڕێگەی ڕەنگ و شێوەی کراسەکەیە، کەچی لەزۆر حاڵەتی تردا، تا چەند گرنگی بەماکیاژ و ئێکسسوارەکان بدەیت، بەڵام کاتێك کراسەکە جوان و ڕازاوە نەبێ، دەبێتە هۆی شێواندنی جوانی ئەو خانمە لەڕۆژی مارەبڕین، بۆیە گرنگترین ئەرك لەو ڕۆژە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کراسێکە کە لەگەڵ شێوەی جەستە و ڕەنگی ڕووخسار و یان ئەو ماکیاژەی هەڵیدەبژێری گونجاو بێ، یەکێك لەو هەڵبژاردنانە پێویستی بە مۆدەیەکی جوان و ڕازاوەیە ئەویش ئەو جۆرە ڕەنگەیە بۆ کراسەکە، ئاگاداربوون لەو لایەنە وادەکات کراسێکی ڕازاوە و بەنرخ و شایستەت لەبەر بێ لەڕۆژی مارەبڕیندا.

## تەسریحەیەکی جوان بۆ شازادە خنجیلەکان



**بەهاوکاری جوانکاری کارۆلینا/ سلێمانی**

وەکو چۆن خانمە گەورەکان پێویستیان بەکاری ڕازاندنەوە و گرنگی دانە بەجلوبەرگ و ئارایشت کردن و تازەگەری لەمۆدە و ستایلەکان، بەم جۆرە کچانی منداڵ یان ئەوانەی تازە پێدەگەن بەرەو تەمەنێکی گەنج یان بەرەو بوونیان بەخانمێکی جوان دەچن، لێرەدا هەنگاوەکان لەسەرەتاوە دەست پێدەکەن و بەرەو شێوازی دیکە ڕێگە دەگرن، مۆدەکانی قژیش بۆ هەمووانە و دەبێ هەر یەکە لەخانمە بچووك و گەورەکان سوودی لێوە ببینن، لەستایلە تازەکان قژ بۆ خانمانی بچووك، تەسریحەیەکی خاوی کورتە و بەڕەنگێکی نێوان زەرد و قاوەیی ئامادە دەکرێ، چونکە ئەو ستایلە لەگەڵ گشت قژێك دەگونجێ، تەنانەت تەسریحەیەکی شیاوە بۆ خانمانی تازە پێگەیشتوو، ئەو تەسریحەیە بۆ دەرەوە و شوێنە داخراوەکانیش بەکاردێ و دەکرێ وەك مۆدەیەکی تازە و مۆدێرن کاری لەسەر بکرێ، ئەم مۆدەیەش یەکێکە لەو مۆدە تازانەی کە شایستەی دیمەنێکی ڕازاوە و بەئەمەکە، تەنانەت دەکرێ لەنزیکەوە لەگەڵ چەندین دانانی تەسریحەی جۆراجۆر، بەتایبەت لەکاتی بۆنە و ئاهەنگەکان ئامادە بکرێ، چونکە شێوازی قژەکە خاوە و دەکرێ تەسریحەی دیکەی بۆ ئەنجام بدرێ..



### پۆزش

**لەژمارە (٨٦٣)ی گۆڤاری گوڵان، وێنەیەکی خاتوو (هێرۆ مەولودی) بەجلی ئاڵای کوردستانەوە دابەزی، کە ئەو خاتوونە بێژەری کەناڵی (زاگرۆس تی ڤی)یە و کاری نمایشکاری جلوبەرگ نییە، داوای لێبووردن لەهێرۆ خان و خوێنەرانی گۆڤارەکەمان دەکەین.**

# نیشا : جلی کوردی ڕازاوە بەئاڵای کوردستان داواکاری زۆر لەسەر

دیمانە: ئیوان گەردی

******

**نیشـــا، کچـــە کوردێکی دانیشـــتووی وڵاتی ســـویدە، کاری ئەو خاتوونە دیزاین و نەخش دانانە بـــۆ جلوبـــەرگ، بەتایبەت جلوبەرگـــی کوردی، مـــاوەی چەند ســـاڵێکە کار لەســـەر ئـــەو لایەنە دەکات و توانیویەتی ڕێژەیەکی بەرچاو لەکراســـی کوردی مودێرن و کلاســـیك بەچەندین ســـتایل و دیزاینی جیاواز بنەخشێنێ، لەگەڵ ئەوەی ئەرکی زیندووکردنەوەی ســـتایلە کۆنەکانی جلی کوردی دەدات و شـــێوەی تازەش لەیاد نـــاکات لەبەرهەمە تازەکانی. بەپێویســـتمان زانی چەند پرســـیارێکی ئاڕاستە بکەین وەڵامەکانیشی بەم شێوەیە بوو..**

******

*** سەرەتا لێم پرسی کە چۆن دیزاینی جلوبەرگ پێناسە دەکەی، ئایا هونەر و زانستە یان بەهرەیە؟**

- دیزاین کـــردن دەگەڕێتەوە بۆ بواری هونەری زیاتر، چۆن کاتێك بیر لەدیزاین کردن دەکەیتەوە تەواو دەبێ بیر لەهەموو بوارێکی هونەری بکەیتەوە، بۆ نموونە دیزاین کردنی جلوبەرگی کوردی، دەبێ بیر لەئاوازێکی کـــوردەواری بکەیتەوە، یان هۆنراوەیەك بەسەر جلی کوردی یان هەڵپەڕکێ، ڕەنگ و وێنە، ئەم بیـــرە هونەریانە بەمێشـــکت دا دێ بۆ دیزاین کردن.

*** بیرۆکـــەی بوونت بەدیزاینـــەری جلوبەرگ بۆچی دەگەڕێنیتـــەوە؟ وەکو ئاواتێـــك وابوو یان بەهرەیەکی خۆت؟**

- زیاتر بۆ کاری دیزاین کردنی خۆم دەیگەڕێنمەوە بۆ بەهرەی وێنەکێشـــان، کە بەهرەیەکی وێنەکێشانم هەیە و لەگەڵ خۆشنووســـی و ســـتایلی نووسین، بەڵام هیچ حەزێکی بوون بەوێنەکێش و خۆشنووسیم نییە، زیاتر هەستم کرد دەمەوێ لەگەڵ ئەو بەهرەیە داهێنەرییەك بکەم، بۆیـــە دیزاین دەگەڕێنمەوە بۆ بەهـــرە و داهێنان، هەروەها بەبێ ئـــەوەی دەورە و خول ببینم و لەماوەیەکی زۆر کورتدا خۆم دەســـتم بـــەکاری دیزاین کرد و ئەمـــەش بەتوانا و بەهرەی خۆمەوە بوو.

*** تا ئێستا چەند بەرهەمی کوردیت دەرکەوتووە کە خەڵك بیپۆشێ؟**

- بەرهەمەکانـــی من خۆی گرتـــووە لە(٣٢) جۆرە جلوبەرگی کوردی، بەشـــی یەکەم لە(١٥) جل پێکهاتبوو کـــە هەر یەکە جۆرە دیزاینێك بوو و خۆم دامنابوو، لەنەورۆزی ساڵی ٢٠١٠ لەچەندین ماڵپـــەری کوردیدا بڵاوکرایەوە، بەشـــی دووەمیش (١٧) دیزاین بۆ ســـاڵی ٢٠١١ بـــوو بڵاوکرایەوە، بێگومان داواکاری زۆر لەســـەر دیزاینەکانم هەبووە بەتایبەت چەند دیزاینێـــك کە بۆ بۆنە کوردییەکان شیاو بوون.

*** چ بنەما و ســـتایلێك هەڵدەبژێری بۆ دیزاین کردنی جلوبەرگ؟**

- من لەســـەر بنەمای جلی کوردی بیرۆکەی دیزایـــن کردنـــم بۆ هـــات، بۆیە ســـتایلی خەیاڵی هەڵدەبژێـــرم لەڕێگەی بیرۆکـــە و داهێنان، جلێك کە نەتبینیبێت دەتەوێ بیبینی، ئەوە لەخەیاڵەوە ســـتیلی بۆ دادەنرێ.

*** شـــێوە و ســـتایلی کلاســـیکی جلی کوردیت گۆڕیـــوە یان دەتەوێ پارێزگاری لەســـتایلی کۆنی جلی کوردی بکەی؟**

- ستایلی کلاسیك هەمیشە زیندووە و وەك خۆی دەمێنێتـــەوە، من باس لەدیزانێکی خەیاڵی دەکەم واتە بێگومان نابێ لەو جلوبەرگانە بچێ کە لەپێشـــوودا هەبێ لەبـــازاڕەکان و لەناو کوردەواری خۆمان، بەڵام بەو مانایە نایەت کە ئیتر وا داهێنراوە دەبێ ئەوانی تر لەیاد بکەین، بەڵکو ئەوانە چەند ستایلێکی مۆدێرنن کە لەسەر بنەمای نوێکاری دیزاین دەکرێ بۆ کەسانی حەز بەشتی نوێ و ستایلی تازە و مۆدێرن دەکەن.

*** بیرۆکەی تازەت چییە بۆ جلی کوردی؟ دەتەوێ چ پەیامێك بنێری بۆ جیهان لەبارەی ناساندنی جلی کوردی؟**

- بیرۆکەی تایبەتم هەیە کە زۆر ئیشـــم لەســـەر کـــردووە، پەیامم ئەوەیە کە ئێمـــە وەك کورد دەتوانین دیزاین بکەین، ســـتایلی نـــوێ دابهێنین و نوێکاری بکەین لەپۆشینی جلوبەرگ.

*** کێشـــەت دەبێ لەنمایش کردنی بەرهەمەکانت، لـــەوەی کچان ئامـــادە نین جلەکانـــت نمایش بکەن بەهۆی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان؟**

- نمایش کردنی جلوبەرگ ئاسان نییە، لەئەورووپا کـــچ زۆر هەن بـــۆ نمایش کردن، بەڵام تێگەیشـــتن لەجلوبەرگـــی کـــوردی کەمە، بۆیە ئەو کەســـەی نمایشی جلوبەرگی کوردی دەکات دەبێ زانیارییەکی تەواوی لەڕوونکردنەوەی جلوبەرگەکە هەبێ، نمایش کردن زمانێکی تایبەتی دەوێ کە لەنیشاندانی جلەکە دەردەکەوێت.

*** گۆڕانکاری بەسەر ستایلی جلی کوردی، وەك لێکچوونە لەجلی بیانی بیرۆکەیەکی دروستە یان کاریگەری خراپی هەیە؟**

- مـــن زیاتر خەیاڵـــم هێناوە بۆ دیزاین کردن، بۆیە سوودم لەجلی بیانی نەکردووە، بەڵام خەیـــاڵ پێت دەڵێت، کە جلێکی کوردی وا هەبێ کە ئاسوودە بێ و ئاسان بپۆشرێ و تایبەت بێت ستایلێکی نوێ بێ بیر لەم جۆرە حەزانە دەکەیتەوە، کاتێك دیزاین دەکەم بیر لەتەندروستی دەکەمەوە بۆیە دیزاین کردن دەگەڕێتەوە بۆ زانست، چۆن بیر لەچۆنیەتی دەرکەوتنی لەش دەکەیت لەناو جلوبەرگەکە، ستایلی نوێی جلی کوردی زۆر یارمەتی ئافرەتانی کوردســـتان دەدات بۆ باش بوونی تەندروستیان و بیرکردنەوە لەتەندروستی خۆیان لەبواری کێشی لەشیان، تا بیر لەستایلی نوێ بکەینەوە زیاتر ئاگامان لەخۆمان دەبێ، ئەوەش وادکات کـــە خەڵکی بیر لەوەرزش کردن و ئاگاداری چۆنیەتی خواردن بێ بۆ ئەوەی بتوانێ جلێکی مۆدێرن بپۆشـــێ تا بەدوای ستایلی نوێ بین خۆمان نوێ دەکەینەوە لەڕووی تەندروستی و بیرکردنەوە و ژیانی ڕۆژانەمان.

*** دانانی بیرۆکەی ئاڵای کوردســـتان لەجلی کـــوردی چۆن ســـەری هەڵدا و تـــا چەند کچان دەیپۆشن؟**

- دانانی بیرۆکەی ئـــاڵای کوردی لەبۆنەی نەورۆزەکانـــەوە بەدی کرا، مـــن خۆم زیاتر ئاڵای کوردســـتانم بەسەر شـــان و قەدی کچان دەبینی لەیادەکان، بۆیە بیرم کردەوە ئاسانکاری بکرێ بۆ هەڵگرتنی ئاڵای کوردی لەم یادە پیرۆزە، ئەوەش بەتێکەڵکردنـــی ڕەنگـــی ئاڵای کوردســـتان لەخودی جلوبەرگەکـــەدا کە جوانییەکی تایبەت دەبەخشـــێ لەم بۆنەیە، ئێمەی کورد ساڵانێك بێبەش بووین لەهەڵدانی ئـــاڵای کوردســـتان و دەربڕینی ئەو ڕەنگە جوانانە، بۆیە ئێســـتا ئازادانە لەبۆنەکان دەپۆشـــرێن و جلوبەرگی کـــوردی بەئـــاڵای کوردســـتانەوە داواکاری زۆر زۆری لەســـەرە بەتایبەت بۆ بۆنـــە کوردیەکانی وەك نەورۆز.





**بەرهەمەکانی دیزاینەر نیشا کە خۆی نمایشیان دەکات**

# جلوبەرگی کورد لەساڵانی هەشت

ژیـــان بەرەو گۆڕانـــکاری دەچێ و ڕۆژ لـــەدوای ڕۆژ لەگشـــت لایەنەکان بەرەو تازەگـــەری و نوێـــکاری دەچێ، یەکێك لەو لایەنانـــە جلوبەرگە، کە لەڕۆژ و شـــەوێکدا گۆڕانکارییەکـــی تـــەواوی بەســـەردا دێ، بێگومان جلوبەرگی پێشوو و ئێستا جیاوازییەکی زۆری هەیە، تەنانەت بۆ گشـــت تەمەنەکانیش، لەم چەند وێنەیە کە لەســـاڵانی پێش نۆسەدەکان گیراوە، واتە نزیکەی سەدەیەك بەر لەئێستا، کە جلوبەرگی کوردییە و ئافرەتانی کورد پۆشیویانە، یەکێك لـــەو وێنانە لەســـاڵی (١٨٩٠) گیراوە، واتە نزیکـــەی زیاتر لەســـەدەیەك، وادیـــارە لەو ســـەردەمە ئەو جۆرە جلە مۆدە بووە و ڕەنگە







## یادگاری کاتژمێرە کۆن و بەزنجیرەکان

جـــاران کاتژمێـــرەکان وەك ئێســـتا نەبوون هەمـــوو شـــتەکانی دەوروبـــەر پێویســـتی بەماندوبوونـــی زیاتـــر بوو تاوەکـــو بەکار دەهاتن، جاران کاتژمێـــرەکان لەناو گیرفان بوون و بەزنجیرێکەوە بەسترابووەوە بۆئەوەی بەکارت بهێنابـــا دەبووایە هەمـــوو جارێك لەگیرفان دەریبێنیت و پاشان بیخەیتەوە ناو گیرفان، لەگەڵ ئەوەش هەر لەو کاتەشـــەوە هەندێ جۆر لـــەو کاتژمێرانە ناوازە بوون و هی چینێك لەچینێکی تـــر جیا کراوەتەوە، ئەوانەی چینی ســـەروو بوون بەشێوەیەکی لەزێڕ هەڵکێشـــراو یان جۆری باشتر بووەو زۆر دیار و بەرچاو بوون لەئێستاشدا بەشێك لەبەسەڵاچوان ئەو جۆرە کاتژمێرە بەکاردێنن، کە چەندین شـــێوە جۆر و زنجیری هەیە، ئەوانەی پێشوو دیمەنێکی جوان و گەورەیان هەبوو، تەنانەت زۆربەی پیاوە گەورەکان یان باو و باپیرانمان لەگیرفانیان بوو کە شتێکی جوان و بەئەمەك بوو، ئێستاش ڕێژەیەکی کەم لەپیاوان یـــان ئافرەتان ئەو جۆرە کاتژمێرانە هەڵدەگرن.

ئا: ڕەوەند بەختیار

## خشت چۆن دروســـــت دەکرێ!



زۆربەمان گوند و ناوچەکانی دەرەوەی شارمان بینیوە، کە لەو شوێنانەدا خانوو بەجۆرێك دروست دەکرێ، یاخود لەســـەردەمی پێشوودا باوی بلۆك و ئەو کەرەســـتە تازانە نەبـــوون، لەبری ئەوانە، کەرەستەیەکی دیکەیان بۆ بیناسازی بەکاردەهێنا کە پێدەگوترێ (خشت)، خشت جۆرێکە لەکەرەستەی بیناســـازی و کـــورد لەگوندەکان و ســـەردەمی پێشـــوودا کاری پێکردووە و تەنانەت ئێســـتاش



زۆربەی خانووی گوندەکان لەخشـــت دروســـت کراون، با بزانین خشت چۆن دروست دەکرێ، ئەو ماددە سەرەکییەی بۆ خشت بەکاردەهێنرێ بریتییە لەخۆڵ، بەڵام ئەو خۆڵەش مەرجی خۆی هەیە و دەبێ ئەوجۆرە بێ کە شیاو بێ بۆ دروستکردنی خشـــت، زیاتر خۆڵە ســـوور، بەکاردەهێنرێ، کە ئەوەش لەکوردستان بەڕێژەیەکی زۆر هەیە، دوای ئەوەی خۆڵەکە دەهێنـــرێ و لەبێژینگ دەدرێ، بۆ ئەوەی خۆڵی ســـادە بمێنێتـــەوە پاك بکرێتەوە لەبـــەرد و وردە ماددەی دیکـــە، دواتر دەهێنرێ لەشوێنێکی تایبەت و پاشان ئاوی دەخرێتە سەری و تاوەکو دەبێتە قوڕاو، وەك شـــێوەی هەویر دەبێ، پاشـــان قاڵبی تایبەت هەیە لەشێوەی بلۆك وایە، بەڵام ئەستووری لەبلۆك بچووکترە، دەڵێن ئەگەر هەندێك (کا) تێکەڵ بکرێت لەگەڵ خۆڵەکە، ئەوە خشتەکە توندتر و بەهێزتر دەبێ

## ـــــــەدەكاندا

جلێكی گشـــتی بووبێ، ئەگـــەر تێبینی وێنـــەكان بكەیـــن، گۆڕانكارییەكی تەواو دەبینین لەشـــێوەی جلـــەكان لەگەڵ جلی كوردی ئێستا، بەڵام توانراوە ستایلە كۆنەكان بپارێزرێن و بۆن و مۆركە كوردییەكەی پێوە ماوە، ئەو وێنانەش لەســـەردەمێكی كۆنەوە وەرگیراوە و مێژوویەكی كۆنی هەیە.






## ئیلما ئیفرۆ دژایەتی كریستیانۆی برای دەكات


ئیلما ئیفرۆ، ئەو خانمە نمایشـــكارەی وڵاتـــی پورتـــوگاڵ، كە خوشـــكی گـــەورەی یاریزانـــی ڕیـــاڵ مەدرید (كریستیانۆ ڕۆناڵدۆ)یە، دوای ئەوەی چەندین وێنەی سەرنجڕاكێشـــی خۆی لەلاپـــەڕەی گۆڤارەكانـــی وڵاتەكەی بڵاوكردەوە، ئەمـــەش وەك كێبڕكێییەك لەگەڵ كریســـتیانۆی برای، بۆئەوەی كامەیـــان جەماوەریان زیاتـــرە، ئیلما ئیفرۆ تەمەنی (٣٧) ســـاڵە و تەنانەت لەگۆڤارێكدا نـــاوی باپیرانی خۆی و كریستیانۆی برای ڕوون كردۆتەوە كە (ئیلما و كریســـتیانۆ دۆس ســـانتۆس ئیفرۆ)یە، ئەمەش جگە لەوەی چەندین جار كریستیانۆ ڕێگەی لەو خوشكەی گرتووە كە واز لەبواری نمایشـــكاری بهێنێ، بەڵام بەقســـەی برا بچووكی ناكات.

## كراسێک (٥٠) كیلۆگرامە

دروســـتكردنی كەرەستە ســـەیرەكان بەچەندین بیرۆكەی جوان و سەیر دەبێ، لەكاتێكدا هەر یەكە جۆرە شتێك دروست دەكات كە بەپێی خواست و بیرۆكەی خۆیەتی، لەشاری پاریسی فەڕەنسی، سەیرترین و قورسترین كراسی خانمان دروست كراوە، كە كێشی ئەو كراسە (٥٠) كیلۆگرامە، لەلایەن دیزاینەری جلوبەرگ (ســـتیڤانی ڕۆلاند) ئامادەكراوە، كە ئەوەی سەیرە ئەو كراسە ئەگەر خانمێك بیپۆشێ، دەبێ دوو پیاوی لەگەڵ بێ لەدواوەی، بۆ ئەوەی كراسەكەی بۆ هەڵبگرن، مەبەستیش لەو كراسە ئەوەیە كە كێشی ئەو نمایشكارەی بەناوی (یاسمین لۆبۆن)ە هەمان كێشی كراسەكەیە، واتە بەهەردووكیان (١٠٠) كیلۆن، كراسەكە لەحەریر دروست كراوە، بۆیە ئەوەندە قورسە، شیاوی باسە نزیكەی(٤٥) مەتر قوماشیان بەكارهێناوە.







## نوکتە

- ئوتۆمبێلێک لەکابرایەک دەدات و قاچێکی دەشکێنێت. شۆفێرەکە دەیەوێت لەگەڵ کابرای قاچشکاو ڕێک بکەوێت تا تووشی مەحکەمە نەیەت، کابرای قاچشکاویش بەهەلی دەزانێت و داوای سەدهەزار دینار دەکات. کابرای شۆفێر لەوەڵامی ئەم داوایەدا دەڵێ: «بۆ تۆ وا دەزانیت من ملیۆنێرم وا داوای سەد هەزارم لێ دەکەیت؟»
کابرای قاچشکاویش دەڵێ: «ئەی بۆ تۆش وا دەزانیت من هەژارێم وا قاچێکت شکاندووم و دەشتەوێت لێت خۆش ببم...


## دیوانی شیعر



مەولەوی شاعیر دەڵێ :

**دیدم وە دیدەت شای شیرین چەمان**
**فیراقت قامەت کەردەن وە کەمان**
**مەزاق یەند تالیی دووریی تۆ چەشتەن**
**هووناوەکەی چەم سەرزەمین ڕەشتەن**
**سەر پەیکانەکەت بڕیەن ڕشتەی دڵ**
**وە ئاسۆر کەفتەن دایم مەدۆ چڵ**
**سەمتۆور سینەم وە زایەڵەی بەرز**
**مەژنۆ نەوای دووریت وە صەد تەرز**
**بڵێسەی کوورەی دروون گرتەن تاو**
**نەبۆتەی خەمدا دروون کەرد وە ئاو**
**گلاراوەکەی جە تۆ جیامەن**
**وەخت لواکەی ئەوە ناماوەن**
**پووشەکەی هەستیم گیاکەی پای چەم**
**وای نیستیی فەنا بەردش عەدەم**

س: ماڵێک بۆ شیعری کوردی



ئا: جەلال جرجیس شێر

### ئاسۆیی:

١- هاوینە هەوارێکە لە پارێزگای سلێمانی
٢- باڵەفڕ(پ)- مانگرتن
٣- نادیرا — بگرە(پ)- منداڵ
٤- وشەی ئێش و ئازار- جۆری ئۆتۆمبێلە منالی بوو(پ).
٥- وەکو یەك — مانگێکی عەرەبیە وەکو یەك.
٦- گوڵێکی بێ درکە و بێ بۆنە- قەشەنگ (پ).
٧- پشوو- کێشە- نیوەی وشەی لۆری.
٨- دژی ڕاستە.
٩- وەکو یەك — بەری دارێکە — لای سێبەر لە چیا(پ).
١٠- هاوینە هەوارێکە لە پارێزگای سلێمانی نادی(پ).
١١- کێو- پایتەختی دەوڵەتێکی فیدرالییە(پ)- وەکو یەك.
١٢- ژنان کلی تێدەکەون- ڕاکردن

### ستوونی:

١- شاعیرێکی عەباسی بوو- کیژ(پ).
٢- ناسکە(پ)- لە شێوەی دار جغارەیە.
٣- پەری- هێمای ئاییینی مەسیحییەکانە- خەیاڵ.
٤- تیر- تێهەڵدانی دان و کابۆ ئاسمان بۆ لێك جیاکردنەوە.
٥- گیانلەبەرێکە هەستی بیستنی نییە(پ)- کاول.
٦- ئاوات- ژمارەیە(پ).
٧- وەکو یەك — سەفی- وەکو یەك.
٨- جۆری سەوزەیە(پ) — دوو پیتی جیاواز.
٩- تاقەت- نیوەی وشەی نزار- لەسەرخۆ.
١٠- فانوس(پ) — سێبەر- وەکو یەك.
١١- پایتەختێکە لە ئەفریقیا(پ) — وەکو یەك.
١٢- هێز(پ)- هاوینە هەوارێکە لە پارێزگای هەولێر.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (ماردین) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بەمانای (جێناوی کەسی لکاوە بۆ یەکەمی تاك)
- پیتی خانەکانی (٢+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (ئاگر بەزمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٣+٢) کۆبکەیتەوە بەمانای (بەشێکە لەجەستەی مرۆڤ گەورەترین ئێسکی تێدایە)
- پیتی خانەکانی (١+٣+٤) کۆ بکەیتەوە بەمانای (گیاندارێکی خشۆکە و ژەهراویە)

